خواردنی پێبەخشیت ئەگەر خۆت خواردت، وجلی پێبەخشیت ئەگەر خۆت جلت لەبەرکرد

لە موعاویەی قوشەیریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا مافی خێزانی یەکێک لە ئێمە چییە لەسەرمان؟ ئەویش فەرمووی: «خواردنی پێبەخشیت ئەگەر خۆت خواردت، وجلی پێبەخشیت ئەگەر خۆت جلت لەبەرکرد، یان پارەی پێبەخشیت ئەگەر پەیدات کرد، وبە لێدان لە دەموچاوی نەدەیت، وجوێنی پێنەدەیت، وقسەی لەگەڵ دانەبڕیت مەگەر تەنها لە نێو ماڵدا نەبێت».

[حەسەن - باش)] [(أبو داود وابن ماجه وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لێکرا: مافی ئافرەت چییە لەسەر مێردەکەی؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- چەند شتێك باسکرد، لەوانەیش: یەکەم: بەتەنها بەس خۆی خواردن نەخوات وئەو بێبەش بکات؛ بەڵکو خۆی هەرچیەکی خوارد یان خواردەوە دەبێت ئەویش بیخوات وبیخواتەوە. دووەم: بەتایبەت بۆ خۆی جل نەکرێت وئەو بێبەش بکات، بەڵکو ئەگەر خۆی جلی کڕی بۆ ئەویش بیکڕێت، وئەگەر پارە وتوانای هەبوو بەشی ئەویش بدات. سێیەم: لێی نەدات مەگەر بەهۆکاری شتێك یان پێویستیەك، بەڵام ئەگەر پێویست بوو لێی بدات بۆ تەمبێ کردن یان بەهۆی ئەنجام نەدانی فەرزەکان ئەوا دەبێت لێدانێکی سەخت نەبێت، ونابێت لە ڕووی بدات چونکە ڕوو لە شەرەفمەندەترین ئەندامەکانە ودیارترینە وچەند بەشێکی ڕێزدار وناسکی لەخۆگرتووە. چوارەم: نابێت جوێنی پێبدات، ونابێت پێی بڵێت: خوا ڕووت ناشیرین بکات؛ نابێت سیفەتی ناشیرینی بداتە پاڵ خۆی یان بەشێکی لاشەی، چونکە ناشیرینی پێچەوانەوەی جوانیە وخودا -سبحانه وتعالى- ئەو ڕوو ولاشەی مرۆڤی خوڵقاندووە، وهەموو شتێکی بە جوانترین شێوە خوڵقاندووە، وسەرزەنشتەکردنی خوڵقێنراوە وەکو سەرزەنشتەکردنی خوڵقێنەر وایە، پەنا بە الله. پێنجەم: تەنها لەسەر جێگادا لێی دوور بکەوێتەوە، ونابێت بەتەواوی لێی دوور بکەوێتەوە وبچێت بۆ ماڵێکی تر هەروەکو زۆرجار حاڵەتە ئاساییەکانی دەنگداپران لەنێوان پیاو وهاوسەرەکەی بەم شێوەیە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/58093